# لێدانی زەنگێکی خەتەر لە ئێرانەوە!

سردار عبدالكريم عبدالله
Sardar24@hotmail.com

وەزارەتی ناوخۆی ئێران ڕۆژی٢٥ی ئەم مانگە سەرکەوتنی پاڵێوراوی توندڕەوی سەر بە باڵی موحافیزەکارانی لە نۆیەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەسەر ڕەفسنجانی کە کەسایەتیەکی ناسراوی سیاسی میانڕەوی نزیک لە باڵی ڕیفۆرمییەکانە ڕاگەیاند،بەمەش نێوبراو بووە شەشەمین سەرکۆماری ئێران لە دوای ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی لەم وڵاتەدا. مەحمود ئەحمەدی نەژادی یەکێک بووە لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران و ڕاوێژکاری پارێزگاری ئوستانی کوردستان و کۆنە پارێزگاری ئوستانی ئەردەبیل بووە بۆ سێ خولی جیاجیا و دوا پۆستیش کە وەریگرتبێ بەر لە خۆپاڵاوتنی بۆ سەرکۆماری پۆستی سەرۆکی شارەوانی شاری تاران بووە. نەژاد بەوە ناسراوە کە بانگەشەی پابەندیی تەواو بە بەهاکانی ئیسلام و ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەکات .

ئەحمەدی نەژاد، ئەو کەسایەتییە نەناسراوە بووە کە تا ساڵی2003 نەبوو بە سەرۆکی شارەوانی شاری تاران لە هیچ شوێنێکەوە وەک کەسایەتیەکی سیاسی بەرچاو و چالاک بوونی نەبوو،ئەم زاتە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین هەلبژاردنی سەرکۆماری ئێران پتر لە 61%ی دەنگەکانی هێناوە کە دەکاتە نزیکەی 14 ملیۆن دەنگ.کەسایەتییە نزیکەکان لە ئەحمەدی نەژاد و تەنانەت ئەوانەش کە دژی ئەو پاڵێوراوە بوون،ڕووداوی سەرکەوتنی ئەو کەسایەتییە توندڕۆیەیان بە دیاردەی "تسۆنامی ئێران" ناوبرد، سەرکەوتنی کەسێکی وەک نەژاد کە تەواو پێچەوانەی ڕەفسنجانییە و ڕادیکالیانە بیردەکاتەوە.بە هاتنە سەرحوکمی نەژاد وەک سەرکۆمارێک گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر شێوازی ژیان و تەنانەت ئەو دەستکەوت و ڕیفۆرمە کەمانەشدا دادێن کە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی خاتەمیدا بەدەست هاتبوون.

لەکاتێکدا ڕەفسنجانی لە پروپاگاندەکانی هەڵبژاردندا داوای کرانەوەی بەڕووی جیهانی ڕۆژئاوادا دەکرد،بەڵام لە بەرامبەردا نەژاد بە پێچەوانەوە لێدوانی دەدا،دیارە بەهۆی کاراکتەر و چۆنیەتی بیرکردنەوە و فکری سیاسی نەژاد واچاوەڕوان دەکرێ بە پێچەوانەوەی ڕەفسەنجانی و بەرنامەی ڕیفۆرمییەکان لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا هەنگاوبنێت و لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران و بەتایبەتیش لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوادا هەڵوێستی توندی هەبێت.

ڕەفسنجانی بەو هەموو مێژووە سیاسی و شارەزاییەوە زۆرەیەوە،گەورەترین شکستی سیاسی لە بەرامبەر کەسایەتیەکی نادیاری وەک نەژاد دەسکەنەکرد،کە لەو هەڵبژاردنانەدا خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی موحافیزکارەکان و درێژەپێدەری ئەو بەرنامە ڕیفۆرمخوازیەی خاتەمی خستبووە ڕوو و بەڵێنی ئەوەشی دەدا کە لەسەردەستی ئەو ئێران گۆڕانکاری باشتر بەخۆوە ببینێ کەچی دەنگی پێویستی نەهێنا وسەرکەوتوو نەبوو،لێرەوەیە مەترسی ئەم سەرکەوتنەی نەژاد زیاد دەبێت و گومان لە پاکی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە پەیدادەبێت.

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە ململانێکانی نێوان باڵی موحافیزکارەکان و ڕیفۆرمیەکانی ئێران لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەفتەم و هەشتەمی ئەم وڵاتە بدەینەوە، دیقەتێکی وورد لە ململانێیە توندەکانی نێوان ئەم دوو باڵە بدەین و بەرەنجامی ئەم خولەش لەگەڵ ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی خامەنەئی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆڵی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحتی نیزام لە پشتیوانیان بۆ سەرخستنی باڵی موحافیزکارەکان بەراوردی بکەین،بەتایبەتی لە کاتی کێشانی خەتی ڕاست و چەپ بەسەر ناوی کاندیدەکان، دواتریش ئاوڕێک لە ڕێژەی دەنگدەرە بەشداربووەکان بدەینەوە، کە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکە لە ٦٣٪ دابەزیووە بۆ لە ٥٣٪، ئەم ڕاستیانە و ئەم بەشدارییە کەمەی هاوڵاتیان ئەوە دەداتە دەست کەوا کاریگەری فتوا و هاندانەکانی خامەنەئی ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە سەرخستنی نەژاد و هاندانی هەوادارانی سەر بە مواحافیزکارەکان بۆ ڕژانە ناوەندەکانی دەنگدان.

بەشداری زۆر کەمی کوردەکان،هەوادار و ئەندامانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی قەدەغەکراوی ئێرانی و هەوادارانی سەر بە ڕیفۆرمیستەکان بەشێوەیەکی کاریگەر تای تەرازووی محمد ئەحمەد نەژادی تازە سیاسی نەناسراوی توندڕەوی سەر بە باڵی محافزکارەکانی لە بەرامبەر رەفسنجانی نەرم و ناسراوی بە ئەزموون قورستر کرد.

وەک ئاشکرایە ئێران ئێستا بەهۆی مەسەلەی پەیوەندیەکانی ئێران بە( حیزب الله)ی لوبنانی و مەسەلەی کورە ئەتۆمیەکان و بابەتی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بە قۆناغێکی زۆر دژوار لە ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ ئەمریکا تێدەپەڕێ،وەک ئاشکرایە نە خامەنەئی ونە باڵی موحافیزکارەکانیش ئامادەنیین هیچ نەرمیەک لە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەمریکا بنوێنن،بۆیە سەرکەوتنی نەژاد پەیامێکی زۆر ئاشکرایە بۆ ئەمریکا و هێزە دیموکراتیخوازەکان لە جیهان کەوا:

– سیاسەتی بەڕێوەبردن و کاروبارە گرنگەکانی وڵات لە ئێران هێشتا ڕیشی لەبەردەستی موحافیزکارەکاندایە، ڕیفۆرمیستەکان لە ئێران هێزێکی پەرتەوازەی کەم توانان.

– سیستەمی دیموکراتیەت لە ئێران گوماناوییە و زۆر بە ئاسانی لە لایەن ڕابەر و دامەزراوی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام کە موحافیزکارەکان تیایدا باڵادەستن دەکەوێتە ژێر فشار و ئاراستەکردن.

– ناوەندی بڕیاردەری سیاسی لە ئێران بڕیاری داوە کەوا ئێران بە ئاراستەی دژ بە نەرمی نواندن لە گەڵ ئەوروپا و ئەمریکا هەنگاو بنێ بەتایبەتی لە بواری دانوستاندنەکانی تایبەت بە کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی ئێرانی،موحافیزکارەکان هەوڵدەدەن گەمە بە کارتی کات بکەن بۆ هێنانەدی بەرنامە ستراتیژیەکانیان.

– هێزی باڵادەست لە ئێران کە لە ڕابەر و هێزی سەربازی(بەتایبەتی پاسداران) و ئیتلاعات پێکهاتووە ترسیان لە دوو جۆرە هێز هەیە،کە لە ناوچەکە سەرکەوتن بەدەستبهێنن،ئەویش یان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیانە یان هێزە ئیسلامیە سونەکان(بە هەموو ڕەنگەکانیانەوە)، ئەم دوو هێزانەش دوو دوژمنی سەرسەختی ئێران و شیعەگەری سیاسی دەسەڵاتدارن،هاتنە سەر حوکمی کەسێکی نەناسراوی ناسنامە شاراوەی وەک نەژاد لەم کات وساتەدا بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و هێزە دیموکراتیخوازەکان پەیامێکی خراپی لە دواوەیە،چ بۆ ئارامی ناوچەکە چ بۆ ئایندەی دیمکراتیەت لە جیهاندا.

پەیامی شاراوەکانی ئێران بۆ گەلانی ناوچەکە و جیهان لەم خاڵانە دەخوێنرێنەوە:

– بە بونی کەسایەتیەکی موحافیزکاری ڕادیکالی وەک نەژاد،بواری یاریکردن لە نێوان دوو باڵەکەی "ڕیفۆرمییەکان و موحافیزکارەکان"لە لوتکەی دەسەڵات نامێنێ،دەسەڵاتی ڕابەر زۆر فراوانتر ودەبێت و موحافیزکارەکانیش لیبراوانەتر لە کاناڵە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا کاردەکان و بڕیاردەدەن،بە واتایەکی تر هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێر کۆنترۆڵی موعافیزکارەکان کۆدەبنەوە و وتاری سیاسی ئێرانی زیاتر توندتر و یەکگرتووتردەبێت سەبارەت بە ڕۆژئاوا و مەسەلە گەرمەکانی ناوچەکە.

– ئێران بە نیاز نیە هەوڵبدات عێراقێکی ئارام و دیموکرات لە ناوچەکە دروست بێت، ئەگەر دۆستە زۆر نزیکەکانی ئێرانی سەر بە(خامەنەئی) تیایدا باڵادەست نەبن.

– ئێران هەوڵدەدات نائارامی لە عێراق و ئەفغانستان بەردەوام بێت تا هەردوو لایەنەکانی دژ بە یەکتری و بە ئێران کە(ئەمریکا و ئیسلامیەکان)لەم وڵاتە هەمیشە لە شەڕ دابن و بەم جەنگەشیان هەردوولا لە ناوچەکە لاوازبن و نەپرژێنە سەر ئێران،بەلانی کەم تا ئەو کاتەی بەرنامە ستراتیژیەکانیان وەک بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی تەواودەکەن.

– ئێران دژ بە ڕەوتی بە دیموکراتی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن هەنگاو دەنێ،ئەمەش بەر لە هەموو شتێی دژی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانە کە مەترسی پارچەپارچەبوون هەڕەشە جیدی لە ئێران و گۆڕانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

ئێمەی کورد لەم یارییەی ناوەندی بڕیاردەری سیاسی ئێران و هاتنە سەرحوکمی نەژاد هیچ سودێک وا نابینین کە دڵمان خۆشبکات،جگە لە زیان و دوا کەوتنی ئاواتەکانمان،بەڵام تەنها هیوایەک کە هەبێت ئەویش یەک دەنگی سەرجەم هێزە دیمکراتیخوازەکانە لە جیهان،کە دژ بە خواستی باڵی توندڕەوی ئێرانی نە و هەمێشە لە هەوڵی لە قالبدان و لە چوارچێوە گرتنی ئەم هێزانەن.